## دەراوزەیەک بۆ تێگەیشتن لە سیاسەتی داگیرکەرانی کوردستان

ڕەنج نەوزاد

تێگەیشتن لە تێروانینی تورکیا و ئێران و عێراق و سووریا بەرامبەر بە کوردستان پرسێکی فرە ڕەهەندە و دەکرێت لە ڕێگەی چەندین میتۆد و ڕێگای جیاوازەوە ئەنجام بدرێت. لێرەدا تەنیا لە ڕێگەی یەک نموونەوە هەوڵ دەدەم تێروانینی ئەو چوار دەوڵەتە بۆ کوردستان و پرسی کورد بخەمەڕوو. نموونەکەش بریتییە لە دەقێک، یان نامیلکەیەک، بە ناونیشانی "دراسة عن محافظة الجزيرة: من النواحي القومية والاجتماعية والسياسية" کە لە لایەن "محەمەد تەڵەب هیلال"ـەوە لە ١٩٦٢ دا نووسراوە. بە پرۆژەکەی محەمەد تەڵەب هیلال ناسراوە، کە پرۆژەیەکە هەموو مەرجەکانی جینۆسایدکردنی نەتەوەیەکی تێدایە.

### محەمەد تەڵەب هیلال کێ بوو و پرۆژەکەی چی بوو؟

محەمەد تەڵەب هیلال سیاسی و ئەفسەرێکی عەرەبی بەعسیی سووری بوو، هەندێک پۆستی وەک وەزیری کشتوکاڵ، جێگری سەرۆک وەزیرانی سووری، باڵوێزی سووریا لە پۆڵەندا هەبووە. پلە سەربازییەکەشی عەمید بوو. لە ٢٠١١ مردووە.

هیلال لە ١٩٦٢ دا لە شێوازی نامیلکەیەکدا پرۆژەیەکی ترسناک و تۆقێنەری پێشکەش بە حکومەتی سووری و عیراقی کرد. هاوکات، داوای کردبوو پرۆژەکە بە هاوبەشی لەگەڵ تورکیا و ئێران دا کاری بۆ بکرێت و جێبەجێ بکرێت. پرۆژەکە لێکۆڵینەوەیەکە لە بارەی پێکهاتەی کۆمەڵایەتی ناوچەی جەزیرە، لەگەڵ، پێشکەشکردنی چەند ڕێنمایی و پێشنیارێک بۆ حکومەتی سووری و عێراقی، لە پێناو تواندنەوەی کورد و بنبڕکردنی دۆزی کورد، ئەمەش بە هاوکاری لەگەڵ تورک و فارس.

سەرەتای توێژینەوەکە بە مێژوو و ڕەچەڵەکی کورد دەست پێ دەکات. ئەو پێی وایە "کورد ڕەچەڵەکی دیار نییە، نە نەتەوەیە، نە گەلە، نە زمانی هەیە، نە مێژوو، نە شارستانیەت، نە دەوڵەت، نە نیشتیمان، نە ئایین، نە بەها و کلتورێکی هاوبەش، نە شووناس". هیلال دەڵێت، کورد بریتییە لە تێکەڵبوونی چەند تیرەیەکی دانیشتووی شاخەکان و چەن گرووپێکی بێناسنامەن. "ئەم گرووپە بێشووناسە، زلهێزەکانی ناوچەکە و جیهان بۆ مەرامی خۆیان بەکاریان دەهێنن. ئامرازێکن بۆ دروستکردنی کێشە و دابەشکردنی جیهانی عەرەبی و بریتیین لە چەتە و ڕێگر و شەقاوەکانی ڕۆژهەڵات".

پاشان دێتە سەر باسکردنی دۆزی کورد و سەربەخۆیی کوردستان، بە ڕستەیەکی زۆر کورت وەسفی دۆزی کورد دەکات و دەڵێت "گرێیەکی شێرپەنجەیی پیسە (خبيث) لە بەشێک لە جەستەی نیشتیمانی عەرەبیدا دروستبووە یاخود دروستکراوە، هیچ چارەسەرێکی نییە جگە لە برینی لە ڕەگ و ڕیشەوە". ئەوەی مایەی سەرنجە، هیلال لەو نامیلکەیەدا بە شێوازێکی تەواو دوور لە زانستیبوون وبێ پشت بەستن بە دەقە مێژووییەکان حوکم لەسەر مێژوو و ڕەچەڵەکی کورد دەدات، هەندێ دێری پچڕپچڕ لە سیاقی خۆی دەردەکات و دەیکات بە ئارگومێنت بۆ بڕیارە پێشوەختەکانی خۆی.

پاشان دێتە سەر باسکردنی عەشیرەت و پێکهاتەی کۆمەڵگای کوردی و چالاکییە سیاسیەکانی ڕۆژاڤای کوردستان، کە هەموویان بە شایەنی لەناوبردن و سڕینەوە دەزانێت. بۆ ئەم مەبەستە، ژمارەیەک

پێشنیار دەخاتە ڕوو بۆ سوریا و ئەو دەوڵەتانەی کوردیان بەسەردا دابەشکراوە و داوا دەکات زۆر بەجدی وەربیگرن و بە تەواوی جێبەجێی بکەن، پێشنیارەکانی بریتیین لە ١٢ خاڵ:

1. ڕاگواستنی کوردەکانی جەزیرە بۆ ناو شارە عەرەبییەکانی سووریا و پاشان دابەشکردنیان لە ناو شارەکان.
2. سیاسەتی پشتگوێخستن، واتە دروست نەکردنی قوتابخانە و پەیمانگا لە ناوچە کوردییەکان.
3. بێبەشکردنی کوردەکان لە ڕەگەزنامەی سووری، هەروەها ناردنەوەی ئەو کوردانەی کە لە ئەسڵدا خەڵکی وڵاتانی دیکەن.
4. نەهێشتنی هەلی کار بۆ کوردەکان، بە ئەندازەیەک توانای جووڵەیان نەمێنێت، بەشێوەیەک کە بەردەوام لە دۆخێکی ناسەقامگیر بن و هەموو کات ئامادەی ڕاگواستن بن. کورد بۆی نەبێت موڵک و زەوی بکڕێت، بۆی نەبێت زەوی کشتوکاڵی بکرێت و بەکرێی بگرێت، هەموو زەوییە کشتوکاڵییەکانیشیان بدرێت بە عەرەب.
5. بڵاوکردنەوەی پڕوپاگەندە دژی کورد لە ناو عەرەبەکاندا، بۆ ئامادەکردنی عەرەبەکان لە دژیان، بە مەبەستی ناسەقامگیریی و پەشۆکانی کورد.
6. سەندنەوەی سیفەتی ئایینی لە پیاوە ئایینیەکانی کورد و ڕاگواستنیان و شوێنگرتنەوەیان بە عەرەب چونکە کۆبوونەوە و ئەنجوومەنی پیاوە ئاینییە کوردەکان نەتەوەییە نەک ئایینی. ئەوە نییە داوایان لێ دەکەین بەیاننامەیەک دژی بارزانی دەربکەن کەچی بە گوێمان ناکەن.
7. دروستکردنی پێکدادان و شەڕی براکوژی لە ناو کوردەکان.
8. ناردنی عەرەب بۆ نیشتەجێبوون لە ناوچە کوردییەکان. بەمەش دەبنە چاودێر بەسەر کوردەکان تا ئەو کاتەی کوردەکان دەردەکرێن لە ناوچەکەیان. عەشرەتی "شەمەر" بخرێنە شوێنی کوردەکان چونکە هەژارن و سەد لەسەدیش نەتەوەیین. ئەمەش پێی دەگوترێت پرۆژەی پشتێنەی عەرەبی (مشروع الحزام العربي) کە حکومەتی سووریا، تەنیا دوای سێ ساڵ لە نووسینی ئەو نامیلکەیە، واتە لە ١٩٦٥ بڕیاری جێبەجێکردنی دەدات و لە ساڵانی حەفتاکانی سەدەی ڕابردووەوە بە شێوەیەکی تۆکمە لە ڕۆژئاوای کوردستان جێبەجێ کرا. پشتێنەی عەرەبی درێژییەکە ٢٧٥ کیلۆمەتر و قووڵاییەکەی دەگەیشتە ١٥ کیلۆمەتر، لە شاری "دێرک"ەوە تا "سەرە کانێ"ی گرتەوە.
9. دروستکردنی سەربازگە لە جەزیرە کە ئەرکیان جێگیرکردنی عەرەب و دەرکردنی کورد بێت.
10. دروستکردنی کۆمەڵەی هەرەوەزیی کشتوکاڵی بۆ عەرەبەکانی ئەو ناوچانە و چەکدارکردنیان، ڕێک وەک ئەوەی جووەکان لە ئیسرائیل ئێستا دەیکەن.
11. ڕێگەنەدان بە دەنگدان و خۆکاندیدکردن بەو کەسانەی عەرەبی نازانن.
12. لەو ناوچانەدا ڕەگەزنامەی سووری تەنها بدرێت بە عەرەب.

نووسەر ئاماژە بەوە دەکات کە ئەم پێشنیازانە تەنها وەک سەرنجڕاکێشانی لایەنی پەیوەندیدارە بۆ ئەو پرسە، ئەگەر نا، ئەم چەند خاڵە بەس نییە بۆ ئەوەی ئەو "نەخۆشییە ترسناکە" چارەسەر بکرێت کە ناوی کورد و دۆزی کوردییە. واتە ئەمە تەنیا سەرەتایەکە، دواتر پلان و هەنگاوی دی هەیە بۆ تواندنەوەی کورد لە ناوچەکەدا.

ئەوەی لەم پرۆژەیەدا باسکراوە، بەشێکی زۆری پێش نووسینی پرۆژەکەش دژی کورد ئەنجامدراوە. بۆ نموونە تورکیا لەسەردەمی مستەفا کەمال بڕیاری جێبەجێکردنی پلانی چاکسازی لە ڕۆژهەڵات (إصلاح الشرق) دا. پلانێک بوو بۆ جێبەجێکردنی پرۆسەی بەتورککردن و ڕاگواستنی کورد لە باکووری کوردستان بۆ ناوچە تورکنشینەکان. بۆچوونێک هەیە پێی وایە کە پلانی "چاکسازی لە

ڕۆژهەڵات" لە سەردەمی ئەردۆگان سنوورەکانی تورکیا و باکووری کوردستانی تێپەڕاندووە و سالآنێکە لە ڕۆژئاوای کوردستانیش جێبەجێ دەکرێت، بە تایبەتی لە عەفرین و ئەو ناوچانەی کە تورکیا و میلیشیاکانی داگیریان کردوون. ئەمەش مانای ئەوەیە ئەو پلانەی مستەفا کەمال، کە لەسەرەتای دامەزراندنی دەوڵەتی تورکیا داینا، تا ئەمڕۆش بە شێواز و ناو و پاساوی جیاواز، لە لایەن ئەردۆگان و دەوڵەتی تورکەوە جێبەجێ دەکرێت.

کاتێک  ناوەڕۆکی ئەو نامیلکەیە ئاشکرا بوو، حکومەتی سووریا و حیزبی بەعس نە نووسەرەکەی سزا دا، نە هیچ بەیاننامەیەکی فەرمی لە دژی دەرکرد. تەنیا گوترا ئەوە گوزارشت لە بیروڕای نووسەر خۆی دەکات. لە ٢٠١١ کە  نووسەرەکە دەمرێت، بە ڕێزێکی زۆرەوە ڕەوانەی گۆڕستان دەکرێت لە لایەن حکومەت و دەوڵەتی سووریاوە.

لە ڕاستیدا و ئەوەی گرنگە کوردستانیان بیزانن ئەوەیە کە پرۆژەکەی محەمەد تەڵەب هیلال، تەنیا گوزارشت لە تێڕوانین و پرۆژەیەکی تاکەکەسی ناکات، بەڵکو کلتور و جیهانبینی و سیاسەت و ستراتیجی چوار دەوڵەتە کە زیاد لە سەد ساڵە بە بەردەوامی و بە پێی دەرەفەت لە کوردستان پەیڕەوی دەکەن. بێبەشکردنی ژمارەیەکی زۆر لە کوردی ڕۆژاڤای کوردستان و سووریا لە ڕەگەزنامە، ڕاگواستن و تەعریب، کوشتن و بێبەشکردنی کورد لە سەرەتاییترین مافەکانی لە ڕۆژاڤای کوردستان و سووریا؛ پرۆسەی تەعریب و ئەنفال و ڕاگواستنەوە لە باشووری کوردستان لەلایەن دەوڵەتی عێراق، لە دامەزراندنییەوە تا ئەمڕۆ؛ سیاسەتی تورکیا و ئێران دژ بە کوردەکانی باکوور و ڕۆژهەڵات، وەک قەدەغەکردنی زمان، بەتورککردن، ڕاگواستن، پشتگوێخستنی ناوچە کوردییەکان، سزادان و کوشتنی کورد لەسەر پەیڕەوکردن، یان داواکردنی سەرەتاییترین مافە نەتەوەیی و کلتوری و سیاسییەکانی خۆی، هەر  هەمووی ئەوە دەسەلمێنێت کە پرۆژەکەی هیلال ڕەنگدانەوەی سیاسەت و تێڕوانین و ویستی ڕاستەقینەی ئەو چوار داگیرکەرەیە بەرامبەر بە کوردستان، ئەو پرۆژەیە خوازراوترین بژاردەی ئەو چوار دەوڵەتەیە بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ دۆزی کورد.

خاڵێکی گرنگ کە پێویستە کورد بایەخی پێ بدات ئەوەیە کە نابێت وەک ڕووداوێکی مێژوویی یان وەک دیاردەیەک کە لە ڕابردوودا ڕوویداوە و کۆتایی پێهاتووە تەماشای ئەو پرۆژەیەی هیلال، یان هاوشێوەکانی، بکات چونکە تا ئەمڕۆش ئەو ١٢ پێشنیازەی ناو پرۆژەکە بەتەواوی، یان هەندێکی، بە شێوەیەکی چڕ و ڕوون لە واقیعدا جێبەجێ دەکرێن دژ بە کورد، نەک هەر لەلایەن سووریاوە، بەڵکو هەر سێ داگیرکەرەکەی دیکەی کوردستانیش، عێراق و ئێران و تورکیا.

لە ڕۆژهەڵات و باکووری کوردستان تا ئێستا بەشێک لەو پێشنیازانە جێبەجێ دەکرێن، لەوانە: قەدەغەکردنی زمان، سەپاندنی زمان و کلتوری تورک و فارس بەسەر کورد دا، کوشتنی کورد بە پاساوی جیاواز، پشتگوێخستنی ناوچە کوردییەکان و هەژارکردنییان، پڕوپاگەندە دژ بە کورد و بەتیرۆر ناساندنی بزووتنەوە سیاسییە کوردستانییەکان. تورکیا لە دەرەوەی سنوورەکانیشی، لە ڕۆژاڤای کوردستان لە عەفرین و ئەو ناوچانەی کە داگیری کردوون، هەموو ئەو پێشنیازانەی هیلال جێبەجێ دەکات.

بە هۆی دارووخان و لاوازبوونی عێراق و سووریا، هەردوو دەوڵەت بۆ ماوەیەکی کاتیی توانایان نەما ئەو ١٢ پێشنیازە جێبەجێ بکەن. بۆیە لە باشوور و ڕۆژاڤا، کوردستانیان توانیان تا ڕادەیەک هەندێک ماف و دەستکەوتی سیاسی و کلتوری و نەتەوەیی بەدەست بهێنن. ئەمە تەنیا یەک هۆکاری هەبوو، ئەویش دارمان و شکستی عێراق و سووریا بوو، نەک ئەوەی گۆڕان بە سەر دید و تێڕوانینی ئەو دوو

دەوڵەتەدا، یان نوخبەی سیاسی عەرەبدا، هاتبێت بەرامبەر بە کورد. هەر کات عێراق و سووریا بەهێزبوونەوە دەگەڕێنەوە بۆ هەمان ١٢ پێشنیازەکەی ناو پرۆژەکە. بەڵگەش ئەوەیە تا ئەمڕۆ سووریا ئامادە نییە هیچ دانپێدانێک بە قەوارەکەی ڕۆژاڤا بنێت، بەڵکو لەگەڵ ئێران و تورکیا لە هەوڵدانە بۆ پەکخستن و سڕینەوەی. ئێستا عێراق کە تۆزێک بەرخۆ کەوتوتەوە، بەهێزتر بۆتەوە، خێرا لە ڕێگەی تەعریب لە کەرکووک و ناوچەکانی دیکە دەستت بە کار بۆتەوە. هاوکات، بڕیارەکانی دادگای فیدرال دژ بە هەرێم، بڕینی بودجە و ڕێگرتن لەوەی هەرێم نەوتەکەی خۆی بفرۆشێت، هەمووی هەوڵدانن بۆ لاوازکردن و سڕینەوەی هەرێم و کورد لەڕێگەی گەڕانەوە بۆ جێبەجێکردنی ١٢ پێشنیازەکە.

ئەوەی لە پرۆژەکەی هیلال سەبارەت بە کورد و کوردستان باس کراوە، یەکێکە لە بنەما سەرەکییەکانی دەوڵەتی تورکیا و ئێران و عێراق و سووریا، بە گۆڕانکاری لە حکومەت و سیستەمی سیاسی ئەو دەوڵەتانە، ئەو بنەمایە ئەستەمە بگۆڕێت. تەنانەت بە دیموکراسیبوونی ئەو دەوڵەتانە، ئەو بنەمایانە وەک خۆی دەمێننەوە چونکە حکومەت و ئۆپۆزسیۆن و کۆمەڵگە و میدیا و دەستەبژێری هونەری و ڕۆشنبیری ئەو چوار وڵاتە لەسەر ئەوە کۆکن کە جوگرافیا و سنوور و قەبارەی دەستکردی وڵاتەکەیان دەبێت وەک خۆی بمێنێتەوە. واتە ئەو ١٢ پێشنیازەی هیلال لەلایەن هەموو هێز و گرووپەکانی ناو ئەو چوار وڵاتەوە پشتگیری لێدەکرێت و بە تاکە بژاردەی دەزانن بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ کورد و کوردستان.

بۆ نموونە، لە دامەرزاندنی دەوڵەتی عێراقەوە تا ئەمڕۆ، زۆر گۆڕانکاری گەورە و ڕیشەیی لەو دەوڵەتە ڕوویداوە: لە حوکمی پاشایەتییەوە بۆ کۆماری و پاشان بۆ "عێراقی نوێ" لە ٢٠٠٣، لە حوکمی سوننەوە بۆ شیعە، لە حوکمی چەپەکان بۆ ناسیونالیستەکان تا بەعسییەکان و پاشان سیستەمی سیاسی نوێ مەزهەبگەرایی لە ٢٠٠٣ ـەوە؛ لە عێراقی ژێر ئینتیدابی بەریتانیا تا عێراقی سەربەخۆ، بۆ عێراقی ژێر داگیرکاریی ئەمریکا، ئینجا بۆ عێراقی ژێر هەژموونی ئێران و ئەمریکا، لەم ماوەیەدا بە دەیان و سەدان حکومەت و حیزب و کەسایەتی و ئایدیۆلۆجیای جیاواز عێراقیان حوکم کردووە، بەڵام لە یەک خاڵدا هەموویان هاوبەش بوونە، ئەویش سیاسەتی هاوبەشیانە بەرامبەر بە کورد و کوردستان. ئیتر بە پێی دەرەفەت و توانا، ئەو ١٢ پێشنیازە جێبەجێ کراوە.

بە کورتی، وەک ویست و نییەت، لە ڕووی فکری و تیورییەوە تەواوی پرۆژەکە وەک خۆی ماوە. وەک پراکتیک، بە پێی دەرەفەتەکان و توانای چوار دەوڵەتەکە جێبەجێ دەکرێن. پێشتر ئاماژەی پێکرا کە تورکیا لە باکوور و لە بەشێکی ڕۆژاڤای کوردستان، زۆربەی ئەو خاڵانە جێبەجێ دەکات. ئێران لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە هەمان شێوە. ئەگەر دووربکەوینەوە لە شەڕە جنێوەکەی نێوان میدیا و هێزەکانی باشوور، ئەوا بڕیار و سیاسەتی عێراق بەرامبەر بە هەرێمی کوردستان، لە بنەمادا، جگە لە جێبەجێکردنی ئەو ١٢ پێشنیازە، هیچی دیکە نییە، بەڵام لەژێر ناوی بڕیارەکانی دادگای فیدرال و جێبەجێ کردنی دەستوورەوە دەیکەن.

فکر و پلان و ویستی جینۆسایدکردنی کورد بنەمایەکی سەرەکی و نەگۆڕی ئەو چوار دەوڵەتەیە. تا ئەو ڕۆژەی کورد بە گشتی، بڕیاربەدەستانی کوردستان بە تایبەتی، لەم دەروازەیەوە، کە لەسەرەوە خرایەڕوو، نەڕواننە تورکیا و ئێران و عێراق و سووریا و ئەم تێگەیشتنانە نەکەنە بنەمای سەرەکی لە سیاسەتیان لەگەڵ ئەو چوار دەوڵەتە، جگە لە شکستی بەردەوام، بە شێوە و ناوی جیاوازەوە، کورد هیچی دیکە بەدەست ناهێنێت لە هەر چوار پارچەکە. دۆخی ئێستای هەرێمی کوردستان بەڵگەیە بۆ ئەوەی کە چ هەڵەیەکی گەورەیە کاتێک کورد لەو دەروازەیەوە تەماشای عێراقی نەکرد. هاوکات، بەداخەوە، دۆخی ئایندەی ڕۆژاڤای کوردستانیش دەبێتە هەمان بەڵگە و دەرخستنی هەمان هەڵە.